ئەعرەجی داوا لە هێزە نیشتمانییەکان دەکات پشتگیری لە هەوڵەکانی حکومەت بکەن لە دانوستانەکانی لەگەڵ هاوپەیمانی نوودوولتیدا

ئەمڕۆ پێنجشەممە، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی قاسم ئەعرەجی، داوای لە هێزە نیشتمانییەکان کرد کە پشتگیری لە هەوڵەکانی حکومەت بکەن لە دانوستانەکانی لەگەڵ هاوپەیمانی نوودوولتیدا.

ئەعرەجی لە پۆستێکیدا لەسەر پلاتفۆرمی (X) رایگەیاند: بە هێز و ئیرادە و خۆڕاگرییەوە بەردەوام دەبین لە کارکردن، بە پاڵپشتیکردنی کارەکانی لیژنەی سەربازی عێراق، کە لەگەڵ هاوپەیمانی نوودوولتی دانوستان دەکات بە ڕێکخستنی پەیوەندی هەمەلایەنەی عێراق و ئەمریکا و ڕێکخستنەوەی پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانی نوودوولتی بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە وڵاتەکەماندا، بەتایبەتی لەگەڵ پەرەپێدانی گەورەی توانای جەرە جیاوازەکانی هێزە چەکدارەکانمان.

ئاماژەی بەوەشکرد: پێویستە هەموو هێزە نیشتمانییەکان پاڵپشتی هەوڵەکانی حکومەت بکەن بە سەرخستنی ئەو دانوستانانە، هەروەها دەستکەوتەکانی عێراق بپارێزن کە بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری نابن